# ناكاوه شيعر

خاڵە بەکر

بۆ چلەی جوانە مەرگ

شەیدا،
تکا کاری خوا وەندێ بووم ..،
دوای ، دوا هەناسەی ،
هێمن و حەمە حسێن و شێخ بەختیار و سورکێو *..،
جارێکی تر ، دەست وەرنەدا ، لە هەورستانی چاوەکانم..،
کەی شێت گیر بوون ، شێت گیر ئەبن ..،
تکا کار بووم دەست وەرنەدا،
لە خامۆشی هەورستانی چاوەکانم..،
کەی دابارین ، دائەبارین ..،
ئێستاش ،
چ هەناسەیەك بکەم ..،
بە هاوسێی دوا هەناسەت..
دەمەو عەسران ..،
بە پەنجەی چوون کۆڵەوژی پیری موغان ..،
لە دەرگای کێلی یەکتر بدەن ..،
پێش مەی نۆشین ،
بە دەستی پێکێ مەیا ..
سکاڵا غەدرێك بۆ خواوەند بنێرن ،
شەیدا ، وادەی سرەوتنت زوو بوو ..
لەسەر نانی تاجی ژیانیش بە دەست خۆت نەبوو ..،
لاشعوریش ،
تاجی چرکە ساتەکانی شعورت نەبوون..
شەیدا ، فێرمان کەوە..،
هەربنی پێکەکە لە مەی کەین ..
بە یەك جورعەی ئەبادی خەیاڵ نۆشی کەین..،
بێنە و بەرەی دۆزەخ و بەهەشتی ،
دەرونمانی پیێ هێور کەین..
فێرمان کەوە ، بە دیار خوێندنەوەی شیعرەوە..،
لەبەر دەم ئاوێنەی شیعردا پرچی حەرف بهۆنینەوە ،
عاشقەکان کۆکەوە ،

حەرفە وەریوەکانی چاپخانەکەی حاجی تۆفیق کۆکەنەوە..
لەسەر یەکەمین لاپەڕەی حەوشەکەت ،
ناکاوە مانشێتێکی پێ بهۆننەوە ،
+ ئیتر عوسمان ئەم دەرکایە نانرازێنێ و نایکاتەوە ..
بەڵام بەهاران ..،
لە بن ساباتە درەختێکی ئەرخەوانا ،
سەرلەنوێ فێرمان دەکاتەوە..،
تەرزە شیعری ،
سەلکێ پیاز و تاقە تەماتەیەکی ناو گیرفانی بەدلەی شینی ،
ئایشێ ی کرێکارمان خۆشبوێ .*

* دوا هەناسەیان زیاتر عەرییبیان کردم .
* شیعرێکی عوسمان شەیدای جوانە مەرگە لە کۆتایی هەفتاکانا بۆ خاتو ئایشێ ی هاوسەری هۆنیوەتەوە.